# پەیامنێرێکی رۆژنامەی هەواڵ سووکایەتی پێدەکرێت

رۆژی دووشەممە 3/12/2007 بە مەبەستی بە دواداچوونی ڕێپۆرتاژە هەواڵێك بۆ رۆژنامەی هەواڵ لە سەر مەسەلەی دابەش کردنی ئۆتۆمبێل بەسەر جووتیاران دا رۆژنامەنووس (خێڵان بەختیار) پەیامنێری رۆژنامەی ناوبراو لە ئەنجامی چەند پرسیارێك لە (ئیسماعیل حوسێن)ی سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی جووتیارانی کوردستان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیهانە دەکرێت و دوای سوکایەتی پێکردنی جانتا و کەلوپەلەکانیشی لێدەسێنرێت.

خێلان بەختیار بە سایتەکەمانی راگەیاند: بۆ بەدواداچوونی ڕێپۆرتاژەکە پەیوەندیم بە ئیسماعیل حوسێنەوە کرد لەمەر چۆنیەتی دابەش کردنی ئۆتۆمبێل بەسەر جووتیاران کەچی ئەو منی بە ئاژاوەگێر لەقەڵەمداو کەل و پەلەکانیشیان لێسەندم و لە بارەگاکەیان منیان کردە دەرەوە، وە ووتی لە کوێ شکایەت دەکەیت بیکە.

شایەنی باسە کە ئەمرۆ سەرنووسەری رۆژنامەی (هەواڵ) شوان داوودی یاداشتێکی داوە بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، لەمەر ئەو سانسۆرانەی کە کراوەتە سەر ستافی رۆژنامەی هەواڵ لەشاری هەولێر کە نەمێنێ، کەچی هەر دوای ئەم یاداشتە پەیامنێرەکەیان رووبەروی سووکایەتی دەبێتەوە.